www.kurdistannet.org
28-4-2006 12:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خاڵێک بۆ ناو پرۆژە چاکسازییەکانی ی. ن. ک ... هاورێ حەسەن

وەك لای هەموان، یان ڕوونتربڵێین لای ئەوانەی کەچارەنوس و ڕەوشی گەشەکردنی سیاسی باشوری کوردستانیان لا مەبەستەئاشکرایەماوەیەکەچەندەها پرۆژەدەخرێتەبەردەم مەکتەبی سیاسی ی. ن. ك بۆ چاکسازی. من بەش بەحاڵی خۆم هەمو پرۆژەکانم خوێندۆتەوەو لەسەر زۆربەیان یان ئەتوانم بڵێم ئاوانەی کەبەڕاستی لەپرۆژەئەچن باری سەرنجم هەیە.. بەڵام مەبەستی ئەم نوسینەم دیاری کردنی ئەو باری سەرنجانەم نیەچونکەبەڕای من ئەوەپێویستی بەلێکۆڵینەوەو کاتی زۆرە، هیوادارم لەئایندەیەکی نزیکدا بتوانم بەقوولی لەسەریان بدوێم.

لێرەدا ئەمەوێت ئاماژەتەنها بەیەك خاڵ بەم کەلەهیچ کام لەپرۆژەکان ئاماژەیان پێ نەداوە، ئەویش چۆنیەتی دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ شێوەی هەڵبژاردن یان چۆن وا بکەین کەسانێك بچنەئۆرگانەکانی سەرەوەدوور لەدهستەگەری یان بێ ئەوەی بەتەزکیەئەندامانی کۆنگرەدیاری بکرێن تا لەبەرزەوەندی کەسانێکدا لەدەنگداندا بەکار بهێنرێن.

هەڤاڵ کاك نەوشیروان لەپێشەکی پرۆژەکەیدا دەڵی زۆربەی بەرپرس و وەزیرەکان لەسەر بنچینەی دەستەگەری و مەحسوبیەت دا نراون، زۆر ڕاستەو هەموان ئەوەدەزانین تەنا نەت زۆربەی پۆستەحیزبیەکانیش لەرێی دەستەگەریو کار بۆ کردنی لەپێس کۆنگرەدا بۆی بەدی هاتووە، لێرەدا با نمونەیەکی ڕۆژگاری شاخ باس بکەم، لەکۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجداران لەساڵی 1982 ا ئەندامێکی سەرکردایەتی هەڤاڵێکی ئەندام کۆنفرانس کەلەقەرەداخەوەهاتبو ئا مر مەفرەزەبو بانگهێشت کردەماڵەکی خۆی لەناوزەنگو بۆ قاوەڵتی قەلی بۆ لێناو پەیمانی دایەئەگەر دەنگ بەخۆییو لیستەکەی بات دەیکاتەئامر کەرت.. ئەمەئەگەر لەرۆژگاری سەختی شاخدا ڕۆیی دا بێت ئەبێت ئێستا لەناو ئەو هەمو دەسەڵاتەو نازو نیعمەتەیا کەلێپرسراوان هەیانەلەشاردا دەبێت چی بکەنو چی ببەخشن تا هەلببژێرێن یان هەوڵ دەن ئەوانەلەکۆنفرانسەناوچەییەکاندا دەرچن کەخۆیان مەبەستییانە.

ئا ئەمەئەو خاڵەیەکەمن مەبەستمە، چی بکەین ڕێ بگرین کار بۆ کۆنفرانسەناوچەییەکان نەکرێت، وا نەکەن خەلکانێکی کاسەلێس ونا شایستەبگاتەکۆنگرە، جی بکەین تا کەسانی دڵسۆز و هەست بەلێپرسراو بێتەکۆنگرەو دهن گ بەن بەهەق، دەنگ بەن بەکاسانی شایستە... چی بکەین ئەمەئەو خاڵەیەکەبەدواییدا ئەگەرێین، من لێرەدا وەڵامم پێ نییەبۆ ئەم کۆنگرەیەبەڵام بەم پێشنیارەم دەتوانین لەدا هاتۆوّدا بەئەنجامی با ش بگەین.

هەڤاڵ کاك نەوشیروان دەڵێ با سوود لەئەزموون و پەیرەوی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا وەرگرین، هەر لەم ڕووانگەیەوەبەسوود وەرگرتن لەم سەرنجەدەتوانین ئەو کارەش ئەنجام بەین، چی بکەین کەسانی شیاو بەتوانا هەلبژێرین، سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا لەنێوان دوو کۆنگرەدا لیژنەیەکیان هەیە، بێ گومان ئەو لیژنەیەکەسانێکی بەتواناو شارەزان، کار بۆ بەرەو پێش چونی حیزبەکەیان ئەکەنو ئەچنەناو هەمو ئۆرگانەکانەوە، کاری ئەو لیژنەیەدیاری کردنی ئەو کەسانەیەکەبەڕاستی چالاکو دلسۆزن و شیاوی ئەوەن لەکۆنگرەی داهاتوودا بچنەئۆرگانەکانی سەرەوەی حیزب، جا دوور

لەدەستەگەریو تەزکیەئەو لیژنەیەپێش کۆنگرەئەو کەسانەبەئەندامانی کۆنگرەئەناسێنن و باسی کارو چالاکیاکانیان ئەکەن بەم رێگا یەئاسان کاری ئەکەن بۆ ئەندامانیانکەکێ شایستەی کوێیە.

ڕاستەڕەنگەئێستا کات ئەوەندەلەبەردەما نەبێت بۆ ئەو کارەیان ڕەنگەنەتوانرێت لیژنەیەکی لەو جۆرەبێ لایەنو دڵسۆز دەستنیشان بکەین لەحاڵی حازردا، یان ئەگەر دەستنیشانیش بکرێت ڕ ەنگەئەوان نەتوانن لەم ماوەکەمەدا خەڵکانی شیاۆ دییاری بکەن چونکەئەو جۆرەکەسانەلەرێگەی کارکردنەکانیانەوەدەر ئەکەون ئا یا چالاکو دڵسۆزن.... بۆیەمن پێشنیار ئەکەم ئەم کارەهیچ نەبێت بخرێتەرۆژەڤو بەرنامەی کۆنگرەوەو لەم کۆنگەریەدا هەوڵ بدرێت ئەو لیژنەیەدەست نیشان بکرێ هەتا بتوانن کەسانی شیاومان بۆ داهاتو بۆ دەست نیشان بکەن.

تێبینی
-------

کەباس لەگۆران کارییو چاکسازی ناو ی. ن. ك ئەکەم مانای وا نییەکەتەنیا گۆڕان کاری لەناو ئەم ڕێکخراوەدا پێویستە، بەڵکو من وەك پ. م ی دێرین و کادیری ئەمرۆی نێو ی. ن. ك بەئەرکو مافی خۆمی ئەزانم لەسەر گۆڕانکاریەکانی ناوی بدێم وکاری بۆ بکەم، خۆ ئەگەر هیوای گۆڕانکاری لەنێو ی. ن. ك نەبوایە هەرگیز ئامادەی بەردەوامبونم نەبو لەریزەکانیدا

هاوڕێ حەسەن
سوێد - ئۆریبرو
27-4-2006